---

## بەشی دووەم

## بیرکردنەوەی ستراتیژی، پێشەنگکاری، وریایی ستراتیژی

### بیرکردنەوەی ستراتیژی- التفکیر الاستراتیجي-Strategic Thinking

لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە خێرا و یەک لە دوای یەکەکان، میتۆدی کلاسیکی بیرکردنەوەی کارگێڕی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئایندە، ناتوانێت وەڵامی ژیرانە بداتەوە، ئیدی بۆ ئەوەی دیدێکی ڕوونمان هەبێت تا داهاتوو چۆن دەبێت؟، بۆیە پێویستە ڕۆڵی بیرکردنەوەی ستراتیژی کارا بکەین بۆ یارمەتیدان لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەمپەرەکانی داهاتوو لە ڕێگەی پەرەپێدانی ستراتیژییەوە. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە سەرکردە باڵاکان و بڕیاردەرانی ناو ڕێکخراوە بازرگانییەکان بەشێکی زۆر لە کاتەکانیان بۆ بیرکردنەوە لە بارودۆخەکانی دوارۆژ تەرخان بکەن، کە ئەو سەختی و گرفتانەی بەردەم کرێکاران لە ڕێکخراوە هاوچەرخەکاندا تێدەپەڕێنن و ڕێگەچارەی پێویستیان بۆ بدۆزنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بیرکردنەوەی ستراتیژی بریتییە لە زنجیرەیەک چالاکیی دەروونی کە لە ڕێگەیەوە عەقڵ ئەزموونەکانی خۆی بە شێوەیەکی نوێ ڕێکدەخات لە ڕێگەی چالاکییە دەروونییە دینامیکییەکان و دەستکارییە دەروونییەکانەوە کە ئامانج لێی یارمەتیدانی کارمەندانە بۆ ئەوەی زیاتر بەتوانا و بەهێزتر بن لە ئەنجامدانی کارەکانیان، بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام.

**بیرکردنەوەی ستراتیجی**: ڕێبازێکی هاوچەرخ و نەخشێکی هزرییە کە بەشدارە لە گەیشتن بە هاوئاهەنگی لە نێوان توانا ڕێکخراوەکان و واقیعی کێبڕکێ و داهاتووی ڕێکخراو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە دیارەکانی هەموو چالاکییەکان و کارلێکەکانیان لەگەڵ نەخشەی ژینگەیی جۆراوجۆر.

### چۆن بیردەکەیتەوە لە ڕووی ستراتیژییەوە؟ کیف تفکر استراتیجیا؟

بیرکردنەوەی ستراتیژی پێویستی بە تێکەڵکردنی داهاتوو هەیە لە پرۆسەکانی بڕیاردان لە ڕێگەی بیرکردنەوەی بەرچاو و قووڵ و درێژخایەن:

1. **بیرکردنەوەی گەورە**: ئایا تێدەگەین کە چۆن پەیوەندی و یەکتربڕین لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە و ژینگەی دەرەکی؟ ئایا ئێمە ڕوانگەی سیستەمەکان دەگرینەبەر؟
2. **بیرکردنەوەی قووڵ**: تا چەند بە قووڵی پرسیار لە شێوازی ئەنجامدانی کارەکانمان دەکەین؟ ئایا ئێمە لە لێکدانەوەی ڕابردوومانەوە کاردەکەین یان پێشبینیکردنمان بۆ داهاتوو؟ گریمانەکانی ئەمڕۆمان لە داهاتوودا ڕەوا دەبن.
3. **بیرکردنەوەیەکی درێژ**: تا چەند سەیری داهاتوو دەکەین؟ ئایا تێدەگەین داهاتوویەکی جێگرەوە بۆ ڕێکخراوەکانمان چۆنە؟ یان پێشبینی دەکەین سبەی زیاتر وەک ئەمڕۆ بێت؟

---

**بیرکردنەوەی ستراتیژی – التفكير الاستراتيجي-Strategic Thinking**

بیرکردنەوەی ستراتیژی هەمەلایەنە، سیستماتیکە و پەرۆشی تازەگەری و داهێنانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو، بیرکردنەوەی ستراتیژی پەیوەندی بە تێگەیشتن لە گۆڕاوەکان و بەستنەوەی یەکترەوە هەیە، واتە پەیوەندی بە دیدگای درێژخایەنەوە هەیە، لە بیرکردنەوەی ستراتیژیدا، پێویستە ڕاستییەکان، واقیعەکان، ئەنجامی توێژینەوەکان و بژاردەکان بەکاربهێنرێن، بیرکردنەوەی ستراتیژی پێویستی بە نەرمی و توانای گۆڕانکاری هەیە.

هەمووان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە بیرکردنەوەی ستراتیژی واتە بینینی داهاتوو، بەڵام لە واقیعدا ناتوانیت ببینیت مەگەر لە پشتتەوە ببینیت، چونکە هەر دیدگایەکی باش بۆ داهاتوو دەبێت ڕەگ و ڕیشەی لە تێگەیشتنێک لە ڕابردوودا هەبێت. بیرکردنەوەی ستراتیژی وێستگەیەکی فیکرییە کە پێویستی بە تێڕامان و دیالۆگ و بیرکردنەوەی داهاتوو هەیە لەسەر ئاستی ڕەهەند و زیندوویی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان. بیرکردنەوەی ستراتیژی بریتییە لە بیرکردنەوەی درێژخایەن کە لەسەر بنەمای فێربوونی بەردەوام دامەزراوەو پرسە بنەڕەتییەکان و دەرفەتە بەردەست و چاوەڕوانکراوەکان دەستنیشان دەکات، بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت، کاریگەریی ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدەیت پشتڕاست دەکاتەوە، لە بەرزاییەوە سەیری دیمەنەکە دەکات بۆ بەدەستهێنانی دیدگایەک لە وێنەی گشتگیری گشتی ڕێگاکان و ئەگەرەکان و مەترسییە ترسناکەکان. بیرکردنەوەی ستراتیژی پەیوەستە بە داهێنان و خەیاڵ، هەمیشە پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێ لە لاساییکردنەوەی ڕکابەرەکان قورسە تەنها بە دوو هێندە هەوڵ و کات نەبێت، بۆیە بیرکردنەوەی ستراتیژی تەنها لە عەقڵێکی ستراتیژییەوە دێت کۆمەڵێک توانا و لێهاتوویییە کە لە ئەنجامی باش بەکارهێنانی ئەزموونی کەسی، و داهێنانەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ درووستکردنی بیرۆکەی نوێ و بەرهەمی جیاواز بۆ بەدەستهێنانی دیدگایەکی یەکگرتوو بۆ داهاتووی ڕێکخراوەکە.

**ئایا بیرکردنەوەی ستراتیژی تایبەتمەندییەکی بۆماوەییە یان بەدەستهێنراو؟ التفكير الاستراتيجي هل هي صفة وراثية أم مكتسبة؟**

بیرکردنەوەی ستراتیژی یەکێکە لەو سیفەتە بەدەست هێنراوانەی کە هەر تاکێک بە ڕاهێنان و زانیاری باش دەتوانێت خاوەنی بێت، سەرەتا دەبێت بزانیت بیرکردنەوەی ستراتیژی چییە؟، پاشان بزانیت چۆن بیرکردنەوەی خۆت بکەیتە ستراتیژی؟، یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی بەدەستهێنانی بیرکردنەوەی ستراتیژی سیناریۆی بیرکردنەوە، دانانی سیناریۆی داهاتوو بۆ هەموو ئەو شتانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ڕووبدەن و دانانی نمرە بۆ ئەم سیناریۆیانە،بە پشتبەستن بەو شتانەی کە لە واقیعەوە نزیکترینە و ئامانجەکەی هەمەچەشنکردنی بیرۆکەکانە.

---

**قۆناغەکانی گەشەکردنی بیرکردنەوەی ستراتیژی- مراحل تطور التفكير الاستراتيجي-** Stages of Development of Strategic Thinking

1. **قۆناغی سەرەتایی تێگەیشتن- مرحلة الفهم المبكر:** ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان و جیاوازی دەکات لە نێوان (چەمکی ستراتیژی) و (بەڕێوەبردنی ستراتیژی) و ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، ئەم هەوڵە سەرەتای تێگەیشتنی بیرکردنەوەی ستراتیژی بوو، سەرەڕای ناپێگەیشتنەکەی، دواتر خزمەتگوزارییەکی پێشکەش کرد کە بەشداری لە پەرەپێدان و تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی ستراتیژی کرد.
2. **قۆناغی گەشەسەندنی لۆژیکی- مرحلة التطور المنطقي:** بیرکردنەوەی ستراتیژی لەم قۆناغەدا پەرەی سەندووەو فراوان بووە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ شیکاری و پلاندانان و ڕێکخستن و کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی ستراتیژیدا تێکەڵاو بووە، بۆیە هاتووە هەموو چالاکییەکان بگرێتەوە کە پشت بە کردەوەی ستراتیژی دەبەستێت.
3. **قۆناغی جیاکردنەوەی سادە- مرحلة التمييز البسيط:** دوای پەرەسەندنی بیرکردنەوەی ستراتیژی لە قۆناغی پێشوودا، لەگەڵ چالاکییە ستراتیژییەکانی دیکە و گۆڕاوەکاندا تێکەڵاو بوو، بۆیە لەم قۆناغەدا بە ڕوونی وەک پرۆسەیەکی ستراتیژی سەربەخۆ دەستیکرد بە دەرکەوتن، پلاندانانی ستراتیژیش، پرۆسەی شیکاری کە ئامانجی ستراتیژییەکانی بەرنامەسازی بوو، دەرئەنجامی کۆتایی ئەو پرۆسەیە (پلانەکە) بوو بە پرۆسەیەک کە پشت بە داهێنان دەبەستێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دیدێکی تەواو بۆ ستراتیژییەکە.
4. **قۆناغی کردەوەی دامەزراوەیی- مرحلة الفعل المؤسسي:** پەرەسەندنی بیرکردنەوەی ستراتیژی لەم قۆناغەدا هەنگاوێکی گرنگە بەرەو سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی وەک چالاکییەکی ستراتیژی یان کردارێک کە تایبەتمەندی لەناو چالاکیی دامەزراوەکاندا هەیە، لە ئەنجامی چەندین گۆڕاو و زیادبوونی پێویستی بە چالاکییەکان کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بۆ توانا و چالاکییە دەروونییەکان کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بیرکردنەوەی ستراتیژی هەیە، وەک داهێنان، خەیاڵ، سروش(الهام)، بەڵگەنەویست و درککردن.

**جیاوازی بیرکردنەوەی ستراتیژی و بیرکردنەوەی ئاسایی- الفرق بين التفكير الاستراتيجي والتفكير المعتاد**

بیرکردنەوەی ستراتیژی لەسەر بنەمای توانای کارگێڕییە بۆ بینینی داهاتوو و بەو مانایانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

1. ئاڕاستەکردن بۆ داهاتوو.
2. دیدێکی هەمەلایەنە بۆ شتەکان کە هەموو ئاڕاستەکان لەخۆدەگرێت.
3. توانای پێشبینیکردن و چاوەڕواننەکراو و خەیاڵکردن لەسەر بنەمای کاریگەریی واقیع لەسەر داهاتوو.
4. توانای داهێنەربوون لە تێکەڵکردنی سەرچاوە چاوەڕوانکراوەکان.
5. پرسە سەرەکییەکان یان دەرفەتەکان ڕێکدەخاتەوەو باس لە بوارە نوێیەکان دەکات.
6. وێنەیەکی داهاتوو دەکێشێت و دەیهێنێتە بەرچاوو سیناریۆیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا دادەڕێژێت.

---

**گرینگی بیرکردنەوەی ستراتیژی- أهمية التفكير الاستراتيجي-** The Importance of Strategic Thinking

گرنگی بیرکردنەوەی ستراتیژی لە توانای مرۆڤەکاندایە بۆ پێشبینیکردنی ئەو ئاستەنگ و سەختییانەی کە لەوانەیە لە ژیانی کەسی یان پیشەیی خۆیاندا ڕووبەڕوویان ببنەوە، هەروەها بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ستراتیژی کۆمەڵێک سوود بەدەست دەهێنێت، لەوانە:

1. **چالاکی پێشوەختەو وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی:** بیرکردنەوەی ستراتیژی پەیوەستە بە توانای وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی و کۆنترۆڵکردنی بابەتەکان بۆ زانینی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و ئەوەی کە ڕەنگە ببێتە ڕێگر لە سەرکەوتن.
2. **دەسەبەرکردنی ڕێکخستن و ئاڕاستەکردن:** پلانە ستراتیژییەکان هاندەری کارکردنن، دوای هەڵسەنگاندنی بڕیارو دەرئەنجامەکان بۆ ماوەیەکی پێویست.
3. **ڕوونکردنەوەی ئامانجەکان وساناکردن بۆ گەیشتنیان:** بیرکردنەوەی ستراتیژی یارمەتیدەرە بۆ ئاڵنگاری مرۆڤ بە پرسیارگەلێک کە ئاڕاستەی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست، وەک چۆن ئاڵنگاریکردنی شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ خۆی یارمەتی دەدات دڵنیابێت لەوەی ئەو ئامانجانەی دایدەنێت ئەو ئامانجانەن کە دەیانەوێت و پێویستیان پێیەتی.
4. **زیادکردنی خۆڕاگری و قازانج** : بیرکردنەوەی ستراتیژی بەرکەوتن بە سەرسوڕمان و هەڵە و سەختی کەمدەکاتەوە، ئەمەش خۆڕاگری ئامانجەکان زیاد دەکات و ئەگەری شکست کەمدەکاتەوە و قازانج و بەرهەمهێنان و سەرکەوتن زیاد دەکات.
5. **کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە و بڕیاردان:** مامەڵەکردنی باش لەگەڵ ڕووداوەکان و واقیع به وەبەرهێنانی رەگەزەکانی کات.

**تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی ستراتیژی- خصائص التفكير الاستراتيجي-**Characteristics of Strategic Thinking

١. **بیرکردنەوە چالاکییەکی دەروونی ناڕاستەوخۆیە:** بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە بڕیارێک سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان شتەکان، نەک تەنها پشت بە هەست و تێگەیشتنە ڕاستەوخۆکانی خۆی دەبەستێت، بەڵکو پشت بە زانیارییەکانی ئەزموونەکانی پێشووی خۆی دەبەستێت کە لە یادەوەرییەکەیدا کەڵەکە بووە.
٢. **بیرکردنەوە کارکردی کەسایەتییە:** بیرکردنەوەی مرۆڤ بەشێکی ئۆرگانی و کاراییە لە پێکهاتەی کەسایەتی بە گشتی، سیستەمی پێداویستییەکان، پاڵنەرەکان، هەست و سۆزەکانی مرۆڤ، ئەزموونەکانی پێشووی و بێزارییەکان، هەموو ئەمانە لە بیرکردنەوەی تاکەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە و ئاڕاستەی دەکەن.
٣. **بیرکردنەوە پەیوەستە بەو زانیاریانەی کە لە مێشکی مرۆڤدا جێگیر دەبن:** سەبارەت بە یاسا گشتییەکانی دیاردەکان، لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا کەسەکە ئەو داتا و زانیاریانەی لەبەردەستیدایە لەسەر بنەمای ئەزموونی پێشوو بەکاردەهێنێت.

٤. **بیرکردنەوە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی و پەیوەندییەکانی نێوان دیاردە و ڕووداوەکان و شتەکانە:** بە شێوەی زارەکی، بیرکردنەوەو زمان هەمیشە لە یەک جەستەی دابەشنەکراودا بەیەکەوە گرێدراون و لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتی لایەنەکانی ژیانی بابەتیی دەکەن.
٥. **بیرکردنەوە پەیوەندییەکی نزیک بە چالاکیی زانستی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەیە:** بیرکردنەوە لە جەوهەرەکەیدا پەیوەستە بەو چالاکییە زانستی و کۆمەڵایەتییەی مرۆڤ.
٦. بیرکردنەوە ڕەفتارێکی پەرەسەندووە کە پلە و ئاستەکانی لە قۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێت.
٧. **بیرکردنەوە چەندین فۆڕم و نەخشی هەیە، وەک:** بیرکردنەوەی داهێنەرانە، ڕەخنەیی، لۆژیکی...هتد.

## پێشەنگکاری(کارسازی) – ريادة الاعمال- Entrepreneurship

پێشەنگی لە کار، واتە توانا و لێهاتوویی تاک لە گۆڕینی بیرۆکە بۆ کردار، کە هەریەک لە بیرۆکەی داهێنەرانەو مەترسیی لەکاتی بڕیاردان لەخۆ دەکرێت، هەروەها توانستی تاک بۆ پلاندانان و بەڕێوەبردنی پرۆژە بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانە. لەو ڕووانگەوە دەتوانین بڵێن دەستپێشخەری کار یا پێشەنگکاری پرۆسەیەکە بۆ دەستنیشانکردن و قۆزتنەوەی دەرفەت لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوەی پێویست یا بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک سەبارەت بە هەلی کار. لەلایکی دیکەوە دەکارێت بێژین پێشەنگکاری هونەری دۆزینەوەی دەرفەت و گۆڕینی ئەو دەرفەتەیە بۆ پیشەوەرییەکی سەرکەوتووە لەبەرئەوەی پێشەنگکاری، دونیا هەمیشە بە نوێی دەهێڵێتەوە، بوێریی لە کردار دەهێنێتە پێشەوەو کار دەکات لەسەر تێکشاندنی شێوازی کۆن و لەجێدانانی نوێگەریی.

## پێشەنگکار- کارساز- رائد الاعمال- Entrepreneur

ئەو کەسەیە کە بیرۆکەی نوێ دادەهێنێت و پەرەی پێدەدات بەخۆ لە مەترسیدان بەمەبەستی دروستکردنی بەرهەمی نوێ کە لە کۆتاییدا سوود بەکڕیار دەبەخشێت. ئاماژەیە بۆ کەسەکە، هەرچی پێشەنگکارییشە ئاماژەیە بە پرۆسەکە، پرۆسەیەکە کە هیچ پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە و هەردوو ڕەگەز دەتوانن تێیدا سەرکەوتوو ببن، بۆیە هەموو پێشەنگکاران خاوەن کارن، بەڵام هەموو خاوەن کارێک پێشەنگکار نییە. پێشەنگکار، کەسێکە هەمیشە بەدوای ئەو گۆڕانکارییانەدا دەگەڕێت کە دەبنە هۆی گەشەی ئاڕاستەی کارو دەست بە کارێکی نوێی داهێنەرانە دەکات.

پێشەنگکار، کەسێکی داهێنەرانەیە قەبارەی قازانجەکانی بەرەو هەڵکشان دەبات، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی نەخشەڕێگای نوێ بۆ بەدیهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ.

پێشەنگکار:

١. بەڕێوەبەرە.
٢. خاوەن کارە.

---

٣. خۆی لە مەترسی دەدات.
٤. دەست بەکارێکی داهێنەرانە دەکات.

بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێن پیشەنگکار کەسێکە هەلی کار دەرەخسێنێت، نەک بەدوای کاردا بگەڕێت.
پیشەنگکار کەسێکە:

١. خاوەنی خەونە.
٢. دیدگای هەیە.
٣. توانای خۆ لەمەترسیدانی هەیە و لەهیچ نەبوو، شت بەرهەمدێنێ.

زۆرجار لیرەو لەوێ، ئەوانەی لە کەرتی تایبەت یا کەرتی گشتی کار دەکەن، گلەیی دەکەن لە کارەکەیان یا ناڕازین یاخود حەز بە کارەکە ناکەن، یا هەست دەکەن تواناو لێهاتوویان زیاترە بە بەراورد بەو کارەی دەیکەن ئا لەو کاتەدا بیرۆکەیەک بە مێشکیان دادێت کە کارەکەیان بگۆڕن، بەڵام ئایا بۆچی هەندێ کەس پیشەکەیان دەگۆڕن بۆ پیشەی ئازاد؟ هۆکاری گۆڕینی پیشە دەگەڕێتەوە بۆ سێ خاڵی گرینگ:

١.هەستکردن بە جیاوازی.
٢.حەزکردن لە داهاتی زۆر.
٣.دەربازبوون لە پابەندبوون.

**پێشەنگی- ريادة**

دەکرێت بە چەند خاڵێک چەمکی پێشەنگی روون بکەینەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

1 .ڕووبەڕووبنەوەی مەترسی. 2.داهێنان. 3.دامەزارندنی رێکخراو. 4.دروستکردنی بەها.
5.گەشەپێدان. 6.نایابی. 7.کاراییکردن.

## چەمکی وریایی ستراتیژی- مفهوم اليقظة استراتيجية-The Concept of Strategic Vigilance

وریایی ستراتیژی بە ڕێکارێکی بەردەوام پێناسە دەکرێت کە ڕێکخراوێک ئەنجامی دەدات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی پەیوەست بە دەوروبەری گشتی و بەکارهێنانیان بۆ زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی لەم دەوروبەرەدا ڕوودەدەن، ئەمەش یارمەتیدەرە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ سودوەرگرتن لە دەرفەتەکان یاخود ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان.

## ڕۆڵی وریایی ستراتیژی- دور اليقظة الاستراتيجية-The Role of Strategic Vigilance

١. **پێشبینی**: پێشبینیکردنی چالاکی رکابەرەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگە.
٢. **دۆزینەوە**: دۆزینەوەی Vکابەری نوێ یان چاوەڕوانکراو و دەرفەتی بازرگانییە لە بازاڕدا.
٣. **چاودێری**: بریتییە لە چاودێریکردنی پێشهاتەکانی نمایشکردنی بەرهەمەکان لە بازاڕدا، پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا یان شێوازەکانی بەرهەمهێنان کە کاریگەرییان لەسەر چالاکییەکە هەیە یان ئامانجیان دەبێت، هەروەها ئەو ڕێسایانەی کە کاردەکەن بۆ گۆڕینی چوارچێوەی چالاکییەکە.

---

٢. **فێربوون**: بریتییە لە فێربوونی تایبەتمەندییەکانی بازاڕە نوێیەکان، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکان، پەرەپێدانی شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردن یان بنیاتنانی تێڕوانینێکی نوێ بۆ بەڕێوەبەران.

**جۆرەکانی وریایی ستراتیژی- أنواع اليقظة الاستراتيجية-**Types of strategic vigilance

١. **وریایی تەکنەلۆژی**: ئەمە ئەو بوارەیە کە تایبەتە بە چاودێریکردنی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان لە دەوروبەری ڕێکخراوەکە و ژینگەی کێبڕکێی، بەدواداچوون بۆ داهێنانە تەکنەلۆژییەکان، کارکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پێشکەوتن و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان، پرۆسێسکردنیان، گەیاندنی ئەم زانیاریانە بە سەنتەرەکانی دروستکردنی بڕیار.

٢. **وریایی کێبڕکێ**: ئەم بوارە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییە دەربارەی چالاکییەکانی ڕکابەرەکان، زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ژینگەی کێبڕکێدا ڕوودەدەن کە ڕێکخراوەکە تێیدا کاردەکات،گریمانەکان کە دەتوانن بەکاریان بهێنن.

٣. **وریایی کۆمەڵایەتی**: دەبێت بە زووترین کات ئاگاداری هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بین کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. وەک گۆڕانکاری لە سەلیقەی بەکاربەر و کۆچکردنی دانیشتوان بۆ سەنتەری شارەکان.

٢. **وریایی یاسایی**: پێکدێت لە چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ یاسا و ڕێساکانی ئەو کەرتەی کە دامەزراوەکە سەر بە خۆیەتی و کارکردن لەو چوارچێوەیەیدا.

**بڕیاری ستراتیژی- القرار الاستراتيجي-** Strategic Decision

ئەو بڕیارانەن کە ئەرک و ئامانجە ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەکە لەبەرچاو دەگرن و هەموو ئەو ژینگەیەی کە ڕێکخراوەکە تێیدا کاردەکات و سەرچاوەکانی ڕێکخراوەکە لەبەرچاو دەگرن، نەک سەرنجدان لەسەر دەستکەوتی تەواو کورتخایەن؛ کاتێکی جۆراوجۆر هەیە کە گرنگە ڕێکخراوێک بڕیاری ستراتیژی بدات، بۆ نموونە لە کاتی بڕیاردان لەسەر چوونە ناو بازاڕێک یان دەرچوون لە بازاڕێکی هەبوو، ناساندنی بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی نوێ بۆ پێشکەشکردن، کشانەوە یان وەستاندنی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکی هەبوو یان ئایا بیکاتە ئامانج؟.

**بڕیاردانی ستراتیژی چییە؟ ما هو اتخاذ القرار الاستراتيجي؟**What is a Strategic Decision

بڕیاردانی ستراتیژی کاتێ ڕێکخراوێک بڕیارە کورتخایەنەکانی لەسەر بنەمای دیدگای درێژخایەنی ئاراستەی ڕێکخراوەکە دابنێت، ئەمەش بەزۆری بەکارهێنانی ئامانجی بچووک و پێوانەکراوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە بەشدارن لە ئەرکی گشتی؛ بەڕێوەبەران بە شێوەیەکی گشتی بڕیاری ستراتیژی دەدەن سەبارەت بە لایەنە وردەکان کە گرینگن بۆ سەرکەوتنی ڕێکخراوێک، بۆ نموونە بودجە، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و مەترسییە گریمانەییەکان.

**ڕەهەندەکانی بڕیارە ستراتیژییەکان-ابعاد القرارات الستراتيجية-**Dimensions of Strategic Decisions

١. **بڕیارە ستراتیژییەکان بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی باڵادایە**: بەزۆری مامەڵە لەگەڵ چەندین بواری کارایی وەک بەرهەمهێنان، بازاڕکردن، سەرچاوە مرۆییەکان، توێژینەوە و پەرەپێدان و ئەرکەکانی دیکە

-----------------------------------------------------------------------------------------------------------

دەکەن، کە پێویستی بە دەستێوەردانی بەڕێوەبەرایەتی باڵای ڕێکخراوەکە هەیە، لە کاتی بڕیاردانی ستراتیژیدا بەڕێوەبەری باڵا ئەو کەسەیە کە تێڕوانینی پێویستی داهاتووی ڕێکخراوەکەی هەیە، کە دەتوانێت دەرئەنجامە ئەگەرییەکانی ئەو بڕیارانە بخەملێنێت.

٢- **بڕیارە ستراتیژییەکان پێویستیان بە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ڕێکخراو هەیە:** بە سەرنجدان بەوەی کە بڕیارە ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەکە بڕیاری بنەڕەتین کە پەیوەندییان بە ئاراستەی درێژخایەنی ڕێکخراوەکەوە هەیە و ئامانجیان زیادکردنی بەهاکەیە لە بازاڕدا و باشترکردنی توانای کێبڕکێیەکەی، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بەزۆری پێویستی بە کۆکردنەوەی ماددی، دارایی، زانیاری، و سەرچاوە مرۆییەکان، کە ڕێکخراوەکە خاوەنییەتی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ستراتیژیانەی کە ئاواتەخوازە.

٣- **بڕیارە ستراتیژییەکان سەرکەوتنی درێژخایەنی ڕێکخراوەکە دیاری دەکەن:** هەرچەندە ئەو ماوەیەی کە ئەم بڕیارانە دەیگرێتەوە نزیکەی پێنج ساڵە، بەڵام کاریگەری ئەم بڕیارانە لەسەر داهاتووی ڕێکخراوەکە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتر بێت. بڕیاری زیادکردنی دامەزراوەی بەرهەمهێنانی نوێ، بۆ نموونە، هەڵبژاردنی شوێن و قەبارەی ئەو دامەزراوانە، ئەو تەکنەلۆژیایەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێت، ئەو بەرنامە ڕاهێنانانەی کە پێویستە بۆ کرێکاران دابنرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دامەزراوانە. ئەگەر ڕێکخراوەکە ئەم ئاسانکاریانە دروست بکات و دوای ماوەیەک بیەوێت بیانگۆڕێت، ئەمە ڕەنگە کاتێکی تاڕادەیەک زۆر بخایەنێت و ببێتە هۆی ئەوەی ڕێکخراوەکە نەتوانێت پێداویستییەکانی کڕیارەکان دابین بکات و بەمشێوەیە پێگەی کێبڕکێی خۆی لە بازاڕدا لەدەست بدات.

٤- **جەختکردن لەسەر ئاینده:** هەرچەندە ناتوانرێت داهاتوو بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام ستراتیژیستێکی سەرکەوتوو درک بەوە دەکات کە ئەگەری پێشبینیکردنی گۆڕانکاری گرنگ هەیە، کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدات، دەتوانێت کاریگەرییەکانیان لەسەر ڕێکخراوەکە کەم بکاتەوە بە هەڵبژاردنی باشترین ئەلتەرناتیڤەکانی ستراتیژی.

٥- **ئەنجامی بڕیارە ستراتیژییەکان لە بەشە کارابیە جیاوازەکان یان یەکە بازرگانییە ستراتیژییەکان کە ڕێکخراوەکە پێکدەهێنن، ڕەنگ دەداتەوە:** بڕیارەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی بازاڕەکان، بەرهەمەکان، شێوازی تەرخانکردنی سەرچاوەکانی ڕێکخراوەکە دیاری دەکەن، ئەوەش پەیوەستە بە جۆری پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ڕێکخراوەکە، ڕادەی دەسەڵاتەکان و ڕادەی بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەرانی بەشەکان یان یەکە بازرگانییە ستراتیژییەکان دیاری دەکات.

٦- **گرنگیدان بە ژینگەی دەرەکی:** بڕیارە ستراتیژییەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕاوە ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنەلۆژییەکان هەیە، کە لە ژینگەی دەرەکیدا ڕوودەدەن، چونکە هەریەک لەو گۆڕاوانە یان دەرفەتێک بۆ ڕێکخراوەکە دەڕەخسێنێت.